# مه‌ریوان‌ناسی

دووهه‌مین کۆنفڕانسی مه‌ریوان‌ناسی

مه‌ریوان - ٦و٧ی گوڵانی ١٤٠٢



## دووهەمین کۆنفڕانسی مەریوان‌ناسی

## مەریوان - ٦و٧ی گوڵانی ١٤٠٢

هەر ناوچەیەک تایبەتمەندی و شوێنی تایبەتی خۆی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە ناوچەکانی تر.لە بنەڕەتدا هەڵکەوتەی جوگرافی هەر ناوچەیەک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ڕەهەندە سروشتی و مرۆڤییە جۆراوجۆرەکانی ئەو ناوچەیە هەیە. شاری مەریوان بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافی تایبەت و بارودۆخی کەشوهەوا و گژوگیا و شوێنی دەریاچەی جوانی زرێبار لە ناوچەکەیدا، هەروەها تایبەتمەندییە تایبەتەکانی مرۆڤیی، توانایەکی ناوازەی هەیە بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکەی پارێزگای کوردستان. بەم پێیە، بە مەبەستی ناسین و ڕوونکردنەوەی زانستیانەی ئەم تایبەتمەندیانە و دابینکردنی چارەسەری پراکتیکی، ئەنجومەنی فەرهەنگی-ئەدەبیی مەریوان بە هاوکاری لەگەڵ ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامیی مەریوان، زانکۆی کوردستان و دیکەی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی شاری مەریوان، لە ٦و٧ی گوڵانی ١٤٠٢هەتاوی (٢٦و٢٠٢٣/٤/٢٧) کۆنفڕانسی دووهەمی "مەریوان‌ناسی" لە شاری مەریوان بەڕێوە دەبات. بۆیە بانگهێشتی توێژەران و مامۆستایانی زانکۆ و نووسەرانی بیرمەند دەکەین کە لە کاتی دیاریکراودا، بەپێی ئەم تەوەر و بابەتانەی خوارەوە، وتار و بەرهەمە توێژینەوەییەکانیان پێشکەش بە نووسینگەی کۆنفڕانس بکەن.

**بابەتەکانی کۆنفڕانس:**

**ئـ) ژینگە**

١ - دیاردەی گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی و وێرانکردن و ئاگری دارستان و لەوەڕگاکان

٢ - ژینگە و ئەرکەکانی دامودەزگا جێبەجێکارەکان

٣ - ژینگە و کۆمەڵگای مەدەنی

٤ - ژینگە و ڕاگەیاندن

٥ - ژینگە و خەڵک

٦ - ژینگە و ڕوانگەی ئایینی ئیسلام

٧ - گۆڕانی کەشوهەوا و داهاتووی دارستانەکانی زاگرۆس (مەریوان)

٨ - قەیرانی ژینگە و لاوازی یاساکانی ڕێگری لە وێرانکاری سروشت

٩ - ژینگە و ڕۆڵی دامودەزگاکانی چاودێری و دادوەری

١٠ - دروستکردنی بەنداو و کاریگەری وێرانکەری ژینگەیی لە ناوچەکەدا

١١ - ژینگە و هەمەجۆرەیی ڕووەک و زیندەوەر لە مەریوان

**ب) زرێبار**

١ - زرێبار و فرەخاوەنی و کێشەی چەند بەڕێوەبەرایەتی

٢ - ئیکۆسیستەمی زرێبار

٤ - زۆری و جۆراوجۆری ڕووەک و زیندەوەر لە زرێباردا

٥ - زرێبار و شێوازی کشت و کاڵ لە دەوروبەریدا

٦ - زرێبار و شێوازی کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوە ئاوییەکانی

٧ - پیسبوونی زرێبار

٨ - ڕێکار و ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردن و نۆژەنکردنەوەی ئیکۆلۆژی زرێبار

٩- کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر دەریاچەی زرێبار و سەرچاوەکانی ئاو

**ج) ئابووری**

١- تواناکانی گەشەی ئابووری شارستانی مەریوان

٢- ناوچەی بازرگانی ئازاد، دەرفەت و مەترسییەکان

٣- هەڵکەوتنی مەریوان لە سەر سنوور و کاریگەرییە ئابوورییەکانی

٤- بناغە بایۆلۆجییەکان (سەرچاوەکانی خاك و ئاو) و ڕۆڵی لە وەبەرهێنەریی ئابووریی کشتوکاڵدا

٥- توانا ئابوورییەکانی دراوسێیەتی مەریوان و هەرێمی کوردستان

٦- ئابووری گەشتوگوزار، مەترسی و دەرفەتەکان

* نووسەران و توێژەرانی بەڕێز! ئێوە ئازادن لە هەڵبژاردنی هەر بابەتێکی تر، بە مەرجێک لەگەڵ تەوەرەکانی کۆنفرانسەکەدا بگونجێت.

**چۆنیەتی ناردن و پێشکەشکردنی بابەت:**

•بابەتەکە بە فۆنتی B zar قەبارەی 12 یان فۆنت Uinikurd14 ، بە شێوەی A4، لەسەر یەک لای کاغەز و لەگەڵ فایلە کۆمپیوتێرییەکەی لە ژێر نەرمەئامێری (word) دا بنووسرێت بۆ ناونیشانی نووسینگەی کۆنفڕانس بنێردرێت.

•نابێت توێژینەوە یان وتار لە ١٢ لاپەڕە زیاتر بێت یان کاتی پێشکەشکردنی لە ٢٠ خولەک زۆرتر نەبێت.

•پوختەی توێژینەوەکە لانی زۆر بە 300 وشە تا ڕێکەوتی 1401/٦/30(2022/9/21) بۆ یەکێک لە ناونیشانەکانی نووسینگە بنێردرێت.

•توێژینەوە یان بابەت بە هەردوو زمانی فارسی و کوردی وەردەگیردرێت.

•نووسەری بابەتەکە، لەوانە: ناو، شوێنی کار، ئاستی خوێندن، ناونیشانی پۆستی، تەلەفۆنی پەیوەندی (هێڵی زەمینی و مۆبایل) و ناونیشانی ئیمەیل لە لاپەڕەیەکی جیادا لەگەل بابەتەکەدا بنێردرێت.

•دوا وادە بۆ ناردنی توێژینەوە و بابەت بۆ سکرتاریەتی کۆنفڕانس ١٤٠١/9/30(2022/12/21)

•وتار و توێژینەوەکان بە هیچ شێوەیەک ناگەڕێندرێنەوە بۆ خاوەنەکەی.

•ئەو بابەتانەی کە دەنێردرێن، پێشتر لە هیچ کۆنفڕانس و گۆڤارێکدا پێشکەش نەکرابن.

**ناونیشانی نووسینگەی کۆنفڕانس:**

کوردستان، مەریوان، فەرمانگەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی، نووسینگەی ئەنجومەنی فەرهەنگی - ئەدەبیی مەریوان (دەبیرخانەی هەمیشەیی کۆنفڕانسی مەریوان ناسی)

تەلەفۆن: ٠٩١٨١٧٦٩٦٣٧ - ٠٨٧٣٤٥٩٤٥٦٧ - ٠٨٧٣٤٦٠٢٨٤٧

ناونیشانی تێلێگرامی ئەنجومەنی فەرهەنگی-ئەدەبیی مەریوان : https://t.me/meriwan_edebi

ناونیشانی ئینستاگرامی ئەنجومەنی فەرهەنگی-ئەدەبیی مەریوان: https://www.instagram.com/encumen.edebi

ئیمەیڵ : anjomanadabi95@gmail.com

دەبیرخانەی هەمیشەیی کۆنفڕانسی مەریوان ناسی